

## بۆ پەشیمانی ... هۆنراوەی شالاو

بۆ پەشیمانی تۆ لە دڵداری
ئەبێ بیچێژی ئێش و ئازاری
کە تۆ دڵت داو دڵێکت ئەستاند
زۆر دڵنیا بە دوو دڵت سووتاند
ئێستاش لە پای چی لە خوا ناترسی
بەزەییت نایێ بە خۆشەویستی
تۆ پەشیمانی وەر پەشیمان بە
چاو بە فرمێسك و دڵ بەگریان بە
تاکو ئەو ڕۆژەی دەگەڕێیتەوە
شێت و سووتاوی عیشقی جاران بە
باوەشی عیشقی من کراوەیە
بۆ ڕۆژەکانی یەکتر پەرستی
بەهار بەبێ گوڵ ڕەنگی نانوێنێ
ژیان پایزە بێ خۆشەویستی

ئەم هۆنراوەیە لەلایەن زەکەریا کراوە بە گۆرانی